راهێنەری چێلسی وازی لە ئەرکەکانی هێنا



یانەی چێلسی رایگەیاند مارسکا چیتر راهێنەری تیپەکەیان نیە و وازی لە ئەرکەکەی هێناوە.

یانەی چێلسی لە راگەیاندراوەکەی فەرمیدا باویانکردوە کە لەمووبەدوا ئینزە مارسکا ئیتالی سەرپەرشتی تیپەکەیان ناکات.

هەر لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە کە کارگێری تیپەکەیان لەگەڵ ئەو راهێنەرە گەیشتوونەتە رێککەوتن بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی نێوانیان، چونکە یانەکەیان لە ئێستادا لە چوار پاڵەوانێتی رکابەری دەکات و بە باشترکردنی ئەنجامەکانیان ئەم هەنگاوە پێویستبوو.

بلوز لە دواین 10 یاریی لەسەرجەم پاڵەوانێتییەکان تەنها سێ یاریی بردووەتەوە و ئەمەش هەکاری سەرەکی دوورخستنەوەی ئینزە مارسکا بووە.

لەلایەکیترەوە راهێنەرەکە لە ماوەکانی رابردوودا لە لەدوانەکیدا ئەوی ئاشکراکردووە کە وەک

پەویست کارگەری یانکە پشتیوانی خێی و یاریزانکانی ناکۆنەهربەیە پاش ئەم لەدوانە بەتەواوی نەوانی لەگەڵ بەرپرسانی تیپەکەی تەکچوو.

ڕاهێنەرە ئیتالیەیەکە توانی هەردوو نازناوی جامی جیهانی یانکان و یەرپالیگ بە یانە ئینگلزیەکە بەدەست بهێنێت.